# بۆ ئەوانەی دەبنە خاوەنی هەموو ڕێزلێنانێک لە کوردستان ... هاوار

نازانم لەکوێتانەوە دەست پیبکەم هێندە لێتان دڵ پڕم ئەوەندە دەمەوی بەدڵ پێکەنم بۆوەی هەموو خەمی دڵم هەڵڕێژم...... بۆ هەموو بەشداربوو و هاوڕێیانی کوردستان نێت....
یەکراست دەچمە ناخی بابەتەکەو دەڵێم ڕەنگە لەناونیشانەکەوە ئێوەی عەزیزم مەفهومێکتان وەرگرتبێت و بزانن مەبەستم چیە........ ؟؟ و داخم بۆچییە.
بەڕێزان... ئەگەر توانیتان ئەو مەتەڵە هەڵبێنن کەلەناویەکی لەدەزگا ڕاگەیاندنە (گەورەکانە) ئەوەدیارە بۆخۆتان بیرمەندن و پێویست بەهەڵڕشتنی ناخم ناکا.......
ئەوەی لێرەدا دەمەوی بلێم باوەڕبکەن یەك تاکە مرۆڤ کاتی ڕێزلێنان بەسەر ڕۆژنامە نووسان دابەش کرا فلانەکەس چوو بەگژ واسیتەکەی خۆیدا و خۆی کرد بەڕۆژنامەنووس شوکر بۆخا قبوڵ کرا.... کاتی ڕێزلێنان بۆ وەرزشوانە دێرینەکان دەرچوو هەرهەمان کەس ئەمجارە بووبەپاڵەوانی یاریە وەرزشیەکان جا با یاریەکە (بازدان) یش بێت گرنگ قبوڵ بکری، و فعلەن قبوڵکرا.. دڵنیام ئەگەر ڕۆژێك ڕێزلێنان بۆ فیتەرانی پیشەسازی باکور هەبی، هەمان کەس بیدودڵی دەبێتە فیتەرو هەرنا خزمەتی پیاوەکەی دێنیو قبوڵ دەکری.......... ئاخر تۆسەیرکە چۆن گاڵتەم بەم وڵاتەو بەم دەستورەو بەم حکومەتە نەیێت کەهەمیشە لەخزمەتی بێگانەدایە....... بۆئەوانەش بەڵگەم هەیە ئاوارەیەك کەلەگوندو قەزاو ناحیەکان پێشتر ژیانی بردبووە سەر خواخوای فرسەتێکی وایبوو ببێتە شەڕی ناوخۆو خۆی بەحزبێکدا شۆرکاتەوە. شوکر بۆخوا ئەمەشیانی بۆ چووەسەر کابرای (ماستاوچی) هاتەشارو بووە ئاوارەو بەهاووڵاتی پلەیەکی ئەوشارەش ناوزەند کرا.
باوەڕتان بێت ئەوەی خەڵکی ئەوشارەیە و هەمیشە ڕاکێشەیەتی تائێستا پارچە زەوی بەرنەکەوتوە ئاوارەکەش تائێستا دووپارچە زەوی و هی سییەمیش لەباخەڵی چەپیدایە دەیەوی بەوەسیلەیەك لەدەرگای یەکێك لەبەرپرسەکانی ئەنجوومەنی وەزیران بدات و بڵی...... (قوربان، ئاوارەم بیپەناگەم، لەفلانە TVکاردەکەم تاکو ئێستاش بی عەرزەم، ئەگەر جەنابی بەڕێزتان بفەرموون بۆ تەنها خەتێکتان---------- من تامردن خۆم و TVیەکەم لەخزمەتتام.......... ئەمە بیلەوەی خۆی بۆ ماستاوچیەتیەکە ئامادەیە ناوی TVیەکەش پیس دەکا.
سەیرکەن بەرنامەیەك هەیە (بەڕاشکاوی) لەدواوەش بۆ بەرژەوەندی کابرای ئامادەکارو بەناو پێشکەشکار ئیشی بەهەر فەرمانگەو بەرپرسێك هەبێت یەکراست دەیکاتە میوانی بەرنامەو دواتر کارەکەی خۆی پی مەیسەردەکا بەرپرسی قوربەسەریش ئەوەندە ی حەز بەشاشەیە دەچێتە ژێر فەرمانەکانی کابرای پێشکەشکار ئیبلی چی..... نەوەك جارێکی تر حەزی لیبێت بێتە سەرشاشەو قاتێکی نوێتری لەبەردابی و بۆن و بەرامی ئەورووپایشی بەسەر خۆیدا پڕژاندبی.....
ئاتوخوا بابێمە سەرباسێکی تر ئەو ئاوارانەی کەبەناو هی شەڕی ناوخۆن هەتا کریی شوققە و خانووشیان بۆ بڕاوەتەوە ئەی ئەوەنیە هەرشوققەیەك دروستدەکری بەڕێز و سوپاسەوە پێشکەشتان دەکریئە و سولفەیە بۆچییە دەترسم بۆ (حفازە) ی منداڵەکانتان بێت یا سوراو سپیاوی ژنەکانتان..
بەخوا بابە پلەیەکن ئینجا بۆ........ ؟ خەڵکی ئەوشارەتان خوارد خۆ هێندەی نەماوە وێڕای وەرگرتنی سیتا چوار پارچە زەوی مرۆڤیش لوش کەن... قوڕتان بەسەر شاریەکان ئەسڵ زادەو هەولێریەکان، بڕۆن دەست بەقەڵاوە بگرن نەوەك لەگەڵ ڕووخانی کەرپووچەکان ئاوارەکان سوودمەندبن تیایدا و قەڵایەکی دیکەی شارستانیتر بۆخۆیان لەهەولێر بنیادبکەن.
ئائەوەیە ئەوئاوارەیەی بەشەق نایەوی بڕواتەوە ئێستا بابە ئەسڵ زادەویە...... تۆدەڵیی چی هەربیدەنگ بە. پێش مالئاوا حەزدەکەم بەرپرسەکانمان ئەو بابەتە جوان بخوێننەوە.